

# سنورداش

مه‌حمود محه‌مه‌د مه‌جید

وشه‌ی سنورداش، هه‌موو لایه‌ك زۆر جاران گوێبیستی بووینه‌، به‌ تایبه‌تی زۆربه‌ی گه‌نجانی كورد كاتێك سه‌رهه‌ڵده‌گرن بۆ هه‌نده‌ران، بۆ په‌یداكردنی كارو گوزه‌ران، زۆر جار تووشی نه‌هامه‌تی هاتوونه‌، هه‌رجاره‌ كه‌ سنوری ولاّتێك ده‌به‌زێنن دوای گرتن و به‌ندیخانه‌ و پاره‌ لێسه‌ندن و هه‌ندێ جار ته‌قه‌لێكردن و كوشتن له‌ هه‌مووی پیاوانه‌تر، ده‌یهێننه‌وه‌ سه‌ر سنوور و به‌ره‌ڵلاّی ده‌كه‌ن. جارێك براده‌رێك بۆی گێڕامه‌وه‌ كه‌ له‌ رێگای چوونی بۆ یۆنان كه‌ ده‌كه‌وێته‌ ده‌ستی جه‌ندرمه‌كانی تورك، ده‌یگوت: زۆر خه‌ڵك كه‌ دۆلاری له‌گه‌ڵ خۆی ده‌هێنا ده‌یانخسته‌ ناو ده‌بده‌به‌و قوتیانده‌دا، نه‌وه‌ك له‌ رێگا لێیان بستێنن، تا له‌ جێگایه‌ك له‌گه‌ڵ پیسایی ده‌هاته‌ده‌رو ده‌ریانده‌هێنا، جا كه‌ گیراین كۆمه‌ڵێك پیاو و ئافره‌ت و گه‌نج بووین جه‌ندرمه‌كان رووتیانكردینه‌وه‌، جه‌ندرمه‌كان به‌ جیهازێك له‌ كۆممانه‌وه‌ ته‌ماشای ناو سكمانیان ده‌كرد بۆ ئه‌وه‌ی بزانن چی تێدایه‌، تا پاش چه‌ند رۆژێك سنورداشكراینه‌وه‌. ئه‌ی ئه‌وانه‌ی قاچاخچی فێڵی لێكردن و كوژران، ئه‌ی ئه‌وانه‌ی له‌ ده‌ریادا خنكان یان كه‌وتنه‌ ناو كێڵگه‌ی مین. به‌ڵێ ئه‌ودیوی سنوور، سنوور شكاندن ئه‌م شتانه‌ی هه‌موو تێدایه‌، ئه‌ی كه‌ ولاّتێك بستێك له‌ سنوری ولاّتێكی تر ده‌به‌زێنێ، ئه‌وا یان خاك یان نه‌مان، ئه‌رزو ئاسمان ده‌سوتێ تا سنووڕداش ده‌كرێته‌وه‌، سنوور شكاندنو به‌زاندنی هه‌وه‌نته‌ نیه‌و شتێكی بێ زلله‌ نیه‌.

ئه‌ودیوی سنوور پڕ له‌ گورگ و عه‌سكه‌رو جه‌ندرمه‌و پاسدارو مینو چاره‌ ره‌شی، ئه‌گه‌ر وه‌رگیرای ئۆردوگای زۆره‌ ملێ و كه‌مپ و بێكاری و بێ ئیقامه‌یی‌و خواردنی ئێكسپایه‌رو زه‌لیلی، كاره‌كانیش كه‌م كاری به‌ڕێزی تێدایه‌ هه‌ر له‌ سینگه‌سه‌گو كۆمه‌ڵێك شتیتر. خوێنه‌ری ئازیز، مه‌به‌ستم لێره‌ له‌ به‌زاندنی سنووری ولاّتێك نیه‌، به‌ڵكو به‌زاندنی سنووری یاساكانی سروشته‌.كاتێك مرۆڤ تاقه‌ بوونه‌وه‌رو گیانله‌به‌رێكه‌ سنوور شكێنه‌و ده‌یه‌وێ سنووره‌كانی سروشت ببه‌زێنێ.

هه‌ر ڕه‌وه‌ باڵنده‌یه‌ك ده‌بینی هه‌ر كۆمه‌ڵه‌ گیاندارێك هه‌ر جۆره‌ رووه‌ك و دره‌ختێك یاساو هه‌ڵسوكه‌وتو ره‌فتاری خۆیان هه‌یه‌و تۆسقاڵێك له‌ یاسا گه‌وره‌كه‌ی سروشت ده‌رناچن، به‌لاّم مرۆڤ كه‌ خۆی به‌ گه‌وره‌ی بوونه‌وه‌ر و گیانله‌به‌ری خاوه‌ن هۆشو ژیرو به‌هره‌ داناوه‌ زۆر جار ململانێی سنوره‌كان ده‌كات، ژینگه‌ پیس ده‌كات، دارستان ده‌سوتێنێ، مرۆڤ ده‌كوژێ، بۆیه‌ زۆر جار قڕی تێده‌كه‌وێت و زۆر جار سنووڕداش ده‌كرێته‌وه‌، بۆ نموونه‌ ئاده‌میزاد كاتێك سنووری خواردن و خواردنه‌وه‌ی ژیان ده‌شكێنێو ته‌مبه‌ڵیو ته‌وه‌زه‌لی ده‌كاته‌ كاروپیشه‌، سنووری سروشتی ئاسایی خۆی ده‌شكێنێ، یاسای سروشت تووشی نه‌خۆشیه‌كانی دڵو شه‌كره‌و فشاری خوێنو قه‌ڵه‌وی ده‌كات، كه‌ نابێ بیخوات، نابێ شیرینی بخوات، ده‌بێ به‌ قه‌ده‌ر ته‌مبه‌ڵه‌كان رابكاتو ده‌رمان به‌كاربهێنێ تا كێشو ته‌ندروستی ئاسایی بێته‌وه‌.

مرۆڤ كاتێك نه‌یهێشت مریشكی به‌سته‌زمان به‌ ئاسایی هێلكه‌ بكاتو له‌ پێناو پڕبوونی گیرفانی ده‌سكاری یاسای سروشتیانكرد، نه‌خۆشی ( سارز) له‌ ئاسیاو ئیتالیا، زۆربوونی منداڵی مه‌نگۆلی و دڵ كونی لێكه‌وته‌وه‌و سنووڕداشی كردنه‌وه‌، كاتێك به‌ كێشی مانگاو گۆشته‌كه‌ی رازینه‌بوون و ده‌ستكاری (DNA) یانكرد سروشت به‌ نه‌خۆشی ( شێتی مانگا) سنووڕداشی كردنه‌وه‌و پانزه‌ ملیۆن سه‌ر مانگای به‌خێوكراو به‌ ملیۆنان دۆلار ناچاربوون به‌ده‌ستی خۆیان ژێر خاكیان بكه‌ن.

كاتێك مرۆڤ به‌ژیانی هاوسه‌ریو ته‌باییو كۆكردنه‌وه‌ی خۆشه‌ویستی له‌سه‌ر بناغه‌ی پاكو بێ گه‌ردیو په‌یوه‌ندی سێكسی سروشتی رازی نه‌بوو، به‌ڤایرۆسو ئایدزو ئه‌فره‌نجیو شێرپه‌نجه‌و زوهریو سفلس سنورداش كرده‌وه‌و تا ئه‌به‌د موفلیسی كرد.

دوای چاو چنۆكی مرۆڤ بۆ دۆلار و گوێ نه‌دان به‌ یاسای گه‌ردونی سروشتو هه‌رچی هه‌یه‌ باكار بكاتو بسوتێو جیهان به‌ناوی پیشه‌سازی پڕ له‌ له‌گازی ژه‌هراویه‌كان كران، قه‌تیس بوونی گه‌رمایی مرۆڤ سنورداش ده‌كاته‌وه‌و پاسداری ئۆزون تێرشه‌قی ده‌كاته‌وه‌ بۆسه‌ر سنوور، ئه‌گه‌ر به‌خۆشی ئه‌مجاره‌ مرۆڤ رێی سنوور نه‌گرێ به‌هه‌زاران بومه‌له‌رزه‌و تسونامیو گه‌رده‌لولو شێرپه‌نجه‌و لافاو به‌دبه‌ختی ده‌كاتو له‌ولاّتی خۆشی ژیانی لێ وێران ده‌كات..

كاتێك مرۆڤ تاوانو سته‌م ده‌كاتو خراپه‌ ده‌كاتو سنووری په‌یوه‌ندیه‌كان ده‌شكێنێ پاسه‌وانانی سنوور خه‌وی لێ حه‌رام ده‌كه‌نو هه‌رده‌م فیشه‌كی خه‌مو حه‌سره‌تو ترس و دڵه‌ ڕاوكێی تێده‌گرن، برای به‌ڕێز گه‌ر ده‌ته‌وێ به‌شادی بژیت له‌ وولاّتی خۆت بژی و سنووره‌كان مه‌به‌زێنه‌.